ئەی خەڵکینە، خودا خۆگەورەزانینی (نەفامیەکانی) جاهیلیەتی لەسەرتان لابرد و شانازی کردن بە باوباپیرانەوە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتاری بۆ خەڵکی دەدا لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا، فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، خودا خۆگەورەزانینی (نەفامیەکانی) جاهیلیەتی لەسەرتان لابرد و شانازی کردن بە باوباپیرانەوە، خەڵکی دوو چینن: چاکەکارێکی تەقوادار کە ڕێزدارە لای خوای گەورە، وتاوانبارێکی دۆڕاو کە بێڕێزە لای خوای گەورە، وخەڵکی نەوەی ئادەمن وپەروەردگار ئادەمی لە خۆڵ دروستکرد، اللہ دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات:13] واتە: {ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر ومێیەك وکردومانن بە چەند گەل وهۆزێکەوە تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا}ئەو کەسەیە کە زیاتر لە خودا دەترسێت، بێگومان خودا زانا وئاگادارە».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن حبان) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا وتاری بۆ خەڵکی دەدا، فەرمووی: ئەی خەڵکینە، بەدڵنیاییەوە خودا ئێوەی دەرباز کرد لە خۆگەورەزانینی (نەفامیەکانی) جاهیلیەت وهەروەها شانازی کردنتان بە باوباپیرانەوە، خەڵکی دوو دوو جۆرن: یان ئیماندارێکی چاکەکارە وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی اللہ یە -عز وجل-، ئەم بەندەیە ڕێزدارە لای خوای گەورە ؛ ئەگەرچیش سەر بە ڕەچەڵەك وبنەماڵەیەکی ناسراو نەبێت لەلای خەڵکی. یان ئەوەتا کافرێکی تاوانبار وسەرسەختە، ئەمە کەسێکی بێڕێزە لەلای اللہ، وهیچ نرخێکی نییە ؛ ئەگەرچیش سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراو بێت لەلای خەڵکی یان پلەوپایە ودەسەڵاتی هەبێت. خەڵکی هەموویان نەوەی ئادەمن وپەروەردگار ئادەمی لە خۆڵ دروستکرد، بۆیە شیاو نییە بۆ کەسێك کە بنچینەی خۆڵە ؛ خۆی بەگەورە بزانێت وسەرسامی نەفسی خۆی بێت، وخوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [الحجرات:13] واتە: {ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر ومێیەك وکردومانن بە چەند گەل وهۆزێکەوە تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسەیە کە زیاتر لە خودا دەترسێت، بێگومان خودا زانا وئاگادارە».

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65074